# نەتەوە یەکگرتووەکان
# 60 ساڵ ئەرك و پرەنسیپ ؟!

**ئاسۆ عەبدوللەتیف**

ڕێخکراوی نەتەوەکان لە چوارچێوەیەکی یاساییدا لە بەرواری 1945/10/24 دەستی بە کار کردو ڕێ و شوێنی یاسایی و کۆمەڵایەتی و سیاسی گرتەبەر بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی پاش جەنگ و سرینەوەی ئاسەوارەکانی جەنگی جیهانی دووەم، ئەگەرچی پێشتر لە سەروبەندی جەنگی جیهانی دووەمدا بیرۆکەی دامەزراندنی ڕێکخراوێك کە کۆی پێکهاتە رەگەزی و ئەتنیەکان لە خۆ بگرێت گەڵاڵەکراوپاشتر هاتە مەیدانی پراکتیکەوە، کە پێداویستیەکی سیاسی کۆمەڵایەتی بابەتیانەی کۆمەڵگای بەشەری ئەوکات بوو بۆ دەستەجەم بوون وپێکەوەژیان وئاشتکردنەوەی گەلان و نەتەوەکان و دیالۆگ لە بۆتەی یەك ڕێکخراوی رەنگاو رەنگ وموزائیکیدا کە ڕێز لە ئیرادەی یەکتری بگیرێت، کە جیا لە لۆژیکی شەرو باروت لۆژیکی پێکەوەژیان کۆیان بکاتەوە لە ژێر دەواری ڕێخراوێکی جیهانی وەك نەتەوە یەکگرتوەکان UN.

لە فەرهەنگی سیاسی و دیبلۆماسیدا لەلایەن پسپۆرانەوە بەم شێوەیە گوزارشت لەم ڕێکخراوە ئەکەن، کە بریتیە لە هاوبەشیکردنی یەك و دەستەجەمعی چەندان گەل و نەتەوەو رەگەزو ئەتنیکی خاوەن کیان و زمان لە بۆتەیەکی سیاسی ڕێخراوەییدا بۆ چەند مەبەست و ئامانجێکی دیاریکراو کە چەندین خاڵی هاوبەش کۆیان ئەکاتەوە کە دیارترینیان ئاشتی و وەلاوەنانی جەنگ و بەرجەستەکردنی مافەکانی مرۆڤ و ژیاندۆستیە بۆ گەل و نەتەوە چەوساوەو زوڵم لێکراوەکان و بە هاناچونیان.

وەبە سەرەتایەك پێناسەکرا بۆ ئۆرگانیزەکردنی تواناکانی گەلان بۆ ناو سیستمی دامودەزگایی و کولتوری پێکەوە ژیان لە ناو یەك دەزگای جیهانی گەورەدا کە گوزارشت بێت لە پلورالیزمی ئاینی و نەتەوەیی وفرە دەنگی و رەنگی،

کۆی ئەندامەکانی ئەو ڕێکخراوە لە سەر پرەنسیپێك کۆبونەتەوە کە پرەنسیپی هاوبەشیگەرییە بە لە بەرچاوگرتنی ستراتیژیان کە هەوڵی بەرقەرارکردنی ئاشتی و فریاکەوتنی گەلان و چارەسەرکردنی ئەدەن لە دەست برسێتی و نەخۆشی و هەژەندو کارەساتە سروشتیەکان،

لە سەرەتاوە ئەم ڕێخراوە پرەنسیپەکانی ژیاندۆستی و ئاشتی کردبوە ئامانج بەڵام وەکو پێویست کاری بۆ ئەو پرەنسیپ و ئامانجانە نەکردو تا ئێستاش چەندین نەتەوەی هاوشێوەی وەك کورد هەیە کە وەرنەگیراوە لەو ڕێخراوەدا لە کاتێکدا وەکو خاك و نەتەوەو زمان و کولتور هیچی کەمتر نیە لەو ئەندامانەی تری نەتەوە یەکگرتوەکان.

بیرۆکەی دروست بوون:

یەکەم بانگەشە بۆ دروستبونی دەزگایەکی نێودەوڵەتی لەلایەن ( لیوبا فلۆفسکی) جولەکەوە بوو کە لە ساڵی 1918 وەك بیرۆکەیەك پێشنیاری کردو پاشتر بە پرۆژەی ( لیوبا) ناسرا، ئەوەبو لە پاش جەنگی جیهانی یەکەم ڕێخراوێك دروست بوو بەناوی ( عصبە الامم ) و چەندئامانجێکیان بەیانکرد، لەوانە کۆکردنەوەی نەتەوەکان و رزگارکردنیان لە پەرتەوازەیی و سود وەرگرتن لەو رەوشە خراپ و دژوارەی کە جەنگ سەپاندبوی بەسەر کۆمەڵگای مرۆڤایەتیداوحسابکردن بۆ ئەو هەموو ناکۆکی و ناعەدالەتیەی پاش جەنگ، بەلاّم ئەم ڕێکخراوە نەیتوانی تەمی بێئومێدی دوای شەرو دێوەزمەو ترسەکان برەوێنێتەوەو هەر ئەم تەمە نائومێدەش خۆی جەنگێکی تربوو کە کارەساتگەلێکی مرۆیی و مەعنەوی و سایکۆلۆژی خولّقاند، ئەو فاکتەرانەو چەند فاکتەرێکی دیکەی خودی و بابەتی، وای کرد کە دەزگاکە هەڵبوەشێتەوە و هەوڵەکانی نەزۆك و مایەپوچ دەربچن، دواتر ئەندامانی ئەم دەزگایە دوچاری پەرش و بلاّوی و دەستەگەری هاتن و لەگەڵ نزیکبونەوەی جەنگی جیهانی دووەم دەزگاکەش بەتەواوی لە بارچوو.

لەگەڵ بەردەوامی جەنگ پاش چەند ساڵێك دروست لە رۆژی 1941/8/14 لێدوان و بانگەشەگەرایی ئەتڵەنتس Atlantes بلاّوکرایەوە کە لە لایەن رۆزفلت سەرۆکی ئەوکاتی ئەمریکاو وینستۆن چەرچڵ سەرەك وەزیرانی ئەوکاتی بەریتانیا بانگەشەی بۆ کرا، بانگەشەیان بۆ ڕێکخراوەیەکی نێودەوڵەتی و دەزگایەکی جیهانی بۆ پاراستنی ئاسایش و ئارامی و پتەوکردنی دیبلۆماسیەتی نێونەتەوەیی سازکرد ئەوەبوو هەوڵدرا پەرە بەبوارە تەکنەلۆژیەکان بدرێ و لەم ڕێگایەوە سنورێك دابنرێت بۆ هەموو ئەو ماڵوێرانی و برسێتی و واقیعە دژوارەی کە جەنگ خولّقاندبوی و گەلانی دوچاری فەزایەکی ترسناك وسایکۆلۆژیایەکی بریندارو بێ هودەو بێئومێد کردبووەوە.

هەمانکات ئامانج و بیرۆکەی دەزگایەکی وای هێنایە کایەوە، کە واقعێکی گونجاو بوو بۆ کۆمەڵگاو گۆرینی لۆژیکی شەروکوشتار بۆ پەیامی مرۆڤدۆستی و هاوژیانی گەلان و خستنە گەری یاساو نۆرم و شێوە تازەکانی ماڤ مرۆڤ، بەتایبەت دانانی فرماسیۆن و سیستمێکی ئەوتۆ کە لەمپەربێت لە بەردەم هەر ئاژاوە گێرییەك و بێتە پارێزگارو کەینونەیەك بۆ بەرگری لە مافەکانی مرۆڤ و رێزگرتن لە کەرامەتی ئینسان.

ئەگەرچی بیرۆکەی دامەزراندنی دەزگایەکی نێودەوڵەتی ئەگەرێتەوە بۆ لێدوانەکەی ئەتڵەنتس لە رۆژی 1941/8/14 بەڵام زاراوەی نەتەوە یەکگرتوەکان ئەگەرێتەوە بۆ لێدوانێکی ( رۆزفلت) لە میانەی ئەو کۆنگرەیەی کە لە واشنتن بە ئامادەبوونی 26 دەوڵەت بەستراو ئەم بیرۆکەیەی وەکو پێشنیارێك بۆ پێکهێنانی بەرەیەکی بەرگریکار لە دژی وولاتانی میحوەر راگەیاند کە بریتی بوون لە ( ئیتالیا، ئەلمانیا، ژاپۆن ) هەروەها لە دانیشتن و کۆبونەوەیەکی مۆسکۆ لەنێوان مەندوبەکانی ئەوکاتی ( ئەمریکا ،چین، بەریتانیا، سۆڤیەت) کە لەم کۆبونەوەدا جەخت کرا لەسەر بنیادنانی دەزگایەکی مۆدێرنی واقیعی و سەردەمانە کە هەرچی زووترە چارەسەری بەپەلەی کێشەو گرفتەکان بکات، ئەوەبوو دروشمی یەکسانی و لیبراڵیان بەرزکردەوە کە دەبێت لە یاساکانی نێودەوڵەتیدا سەروەربێت و سودیش لە عورف و ترادیسیۆنی گەلانیش وەربگیرێت، لە سەرەتادا چەند بنەمایەکی گشتیان وەك پرەنسیپ و بیرۆکەو تیۆری گشتی دارشت، کە ئەندامێتی ئەم دەزگایە بۆ ئەو دەوڵەتانەیە کە ئارەزووی بەشداری ئەکەن و یەکسانی ئەکەنە پێوەری کارکردنیان و ئەو ئەندامانەش ئەبێت خوازیاری ئاشتی و ئاسایشی گەلان بن و پەیوەست بن بە بنەما نەگۆرەکانەوە،

سەرەنجام وولاتانی بریاردەری ئەوکات لە مانگی ئاب و ئەیلولی ساڵی 1944 لێدوان و مونازەرەو دیدگاکانیان خستە باری کرداریەوەو بۆ ئەم مەبەستە نوێنەرانی ( ئەمریکا، چین، بەریتانیا، یەکێتی سۆڤیەت ) لە دمبارتۆن ئۆکس لە واشنتن کۆبونەوە و لەمیانی ئەو کۆمبونەدا چەند رێساو بنەمایەکیان کردە میکانیزمی کارکردن و لە شێوەی لائیحەیەکی گشتیدا وەك پرەنسیپ فۆرمەڵە کرا، کە بریاربوو دابمەزرێت و دواجار بە پێشنیاری ( دمبارتۆن ئۆکس) ناوزەدکراو زەنگی بەجیهانیبوونی بۆ لێدرا.

بەم شێوەیە لە ژێر تیشکی بریارە سەرەتایی و دروشمەکانی دمبارتۆن ئۆکس دا کۆمەڵێ ئالیەتی یاسایی گیرانە بەرو پاش ئەوەش لە رۆژی 3 تا 1945/10/11 کۆنگرەیماڵتا بەستراو بەشێوەیەکی زانستیانە بریارەکان تاوتوێکران و بریاروبەڵگەنامە ( دیکۆمێنت )ەکانی نەتەوە یەکگرتوەکان دانراو گەڵاڵە بوون،

لەگرنگترین بریارەکان لەو کاتانەدا بەخشینی ماڤ ڤیتۆ بوو بە پێنج دەوڵەتی سەرەکی و زلهێز کە بریتی بوون لە ( ئەمریکا، بریتانیا، چین، فەرەنسا، یەکێتی سۆڤیەت) کە ئەندامی هەمیشەیی و دەوڵەتی باڵای ئەوکات بوون لە ئەنجومەنی ئاسایشداو رۆڵ و نەخشی دیاریان هەبوو لە هاوسەنگی دروستکردن و هاوکێشە سیاسیەکانی پاش وەستانی ماشێنە جەنگیەکان، لەگەڵ ئەوەشدا ئەم وولاتانە خاوەنی کولتورێکی جەنگی و جبەخانەو سەربازگەی بەتوانا بوون و دەسەڵاتی رەهایان هەبوو بەسەر تەواوی جیهاندا، پاش چەند کۆبونەوەو توێژینەوەیەك کارنامەکان لە لایەن ئەم دەوڵەتانەوە تەصدیقکراو بریارەکانیش وەکو ئەجیێندایەك بوونە پرەنسیپی کارپێکراوی نەتەوە یەکگرتوەکان، دواجار لە رۆژی 1945/10/24 وەك رێخراوێك لەسەر شانۆی سیاسی دەرکەوت و تێکەڵاو بە بیرۆکراتیەتی  وولاتان بوو، لەهەمانکاتدا جۆرێك لە گشتگیریەتی لە سەر ئاستی رای جیهانیدا خوڵقاندو هەندێ دەوڵەتی رزگارکرد لە دیکتاتۆریەت و دەسەڵاتی مۆنۆپۆڵیانە، کە لە راستیدا لاکردنەوەیەکی واقعیانەبوو بەرووی سیاسەتی سەرکوت و ئەپارتایدو لە قاڵبدانی نەتەوەیی لەگەڵ چەندین لایەنی پۆزەتیڤی دیکە،ئەگەرچی لە کێماسی و کەموکورییش بەدەرنەبوو، وە لەلایەن چەندین دەستەو تاقمی جۆراوجۆرەوە کەوتە بەرنەشتەری رەخنەوگازنداوە،

بەڵام کۆمەڵەی گشتی نەتەوەیەکگرتوەکان گوێی بەو رەخنانە نەداو چەندین هەورازو نشێوی بری و بەستراتیژو بەرنامەرێژیەکی فراوانەوە هاتە نێو گۆرەپانی سیاسەت و دنیای ململانێ وکێبرکێکان جیا لە کۆمەڵەو رێخراوەکانی پێشوو وەك کۆمەڵی مەسیحی دژی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی و (عصبەالامم) و ئیتیحاد تەرەقی و هەندێکی تر.

زەمینەی کارە ستراتیجیەکان:

زەمینەکان و ئەو فاکتەرانەی کە بوونە هۆی سەرهەڵدانی ئەم دامەزراوەیە گەلێك زۆر بوون، کە دەکرێت ئاماژە بە هەندێکیان بکەین بەتایبەت فاکتەری ئەوروپی کە واقع و ژیانی ئەوروپیەکان و شپرزەبوونی دۆخ و ئاراستەو رەوتی رووداوەکان چەندین رەوشی ئابوری و سیاسی و کۆمەڵایەتی ترسناکی هێنابوویە ئاراوە کە کۆمەڵگای ئەوروپی توشی ناکامی کردبوو، کۆمەڵگای ئەوروپی دوچاری دارمانی بەهاکان کردبوو، کە ئاکامێکی خراپیان دروستکردبوو بەتایبەت جەنگەکانی ناپلیۆن بۆناپارت وفاشیزم و نازیزم و هەڵپەکانی داگیرکاریی

لە رۆژهەلاتی ناوین و ئاسیاو ئەفریقاو ئەمریکای لاتین و ململانێ خوێناویەکانی وولاتانی ئەوروپی و جەنگەکانی تر، بەتایبەت هەردوو جەنگی یەکەم و دووەم گەلێك کاریگەری خراپی جێهێشت و دەرهاوێشتەی نابابەتی هێنایە بوون و پاشان جیهانی دووچاری جەمسەرگیری کردوو دەزگای نەتەوە یەکگرتووەکانیش بەربەست و لەمپەری هەموو ئەو جەنگ و دژواریانە بوو بە پێوەرەکانی میساقی ئەو کاتەی نەتەوە یەکگرتووەکان.

نەتەوە یەکگرتووەکان ( الامم المتحده) لەو کاتانەدا بووە هۆکارێکی تری بەدەرکەوتنی پێگە دروستکردنی قانونی بۆ وولاتانی زلهێزو براوەی شەرەکان، تالەو کەناڵەشەوە بتوانن مۆنۆپۆڵ بکەن و ئامانجەکانیان وەدی بهێنن، پێنج ئەندامەکەی ئەنجومەنی ئاسایش ( المجلس الامن) کە ئەندامی هەمیشەیی بوون بەدەر نەبوون لەململانێ ی ناوخۆیی، هەریەك لە دیدگاو ستراتیژی خۆیەوە هەوڵی قۆرغکردنی پایەگاو رایەڵە پتەوەکانی دەسەلاتی ئەنجومەنیان ئەدا تا ئاستی کۆنترۆڵی گشتی و ئینفرادیەتی دەسەلات لە دەزگاکەدا،

هەربۆیە لە سەرەتادا رکابەری و مونافەسەی توند کەوتە نێوان هەردوو جەمسەری جیهانی رۆژهەلات و رۆژئاوا، بلۆکی سۆشیالیزم کە یەکێتی سۆڤیەت سەرپەرشتی ئەکردو رۆژئاوای سەرمایەداریش کە ئەمریکا جڵەوگیری ئەکرد،بەم شێوەیە بلۆکبەندیەك دروست بو لەنێوان دوو کولتوورو دوو زمان و دوو جبەخانەو ئۆردوگای جیاواز لە رۆژهەلات و رۆژئاوای جیهاندا کە بەشەری سارد کۆتایی هات، جگە لەمانەش (10) دە ئەندامی ناهەمیشەیی لە ئەنجومەندا هەبوون کە دووساڵ جارێك هەڵبژاردنیان بۆ ساز ئەکراو بەو شێوەیە ئەنجومەن رێچکەی یاسایی و سۆبێکتی نێودەوڵەتی خۆی وەرگرت.

لەلایەکی ترەوە نەدەکرا هەموو کێشەو قەیرانەکان بە سوود وەرگرتن لە لۆژیکی سەربازی و کوشتار کۆتایی بێت چونکە لە ئەوروپادا ئەزموونکراو بوو بۆیە رێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکان وەکو فریادرەسێك تەماشا ئەکرا و هەندێك جاریش وەك تەقدیسێك بۆیان ئەروانی و گوزارشتیان لێئەکرد، کە سەنتەری یەکلاییکردنەوەی گشت کێشەکانە،

فاکتەرێکی تری دروستبوونی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان، ئەوە بوو بێتە وەسیلەیەك بۆ لێکحاڵیبوون و نزیك بوونەوەی گەلان لە یەکتر وەك سیفەتێکی سروشتیانەی بەرەی مرۆڤایەتی و پێویستە پیرۆز سەیر بکرێت،ئەمەش ئەوە دەر ئەخات کە ئەم دەزگایە وەکو سایەیەك بۆ ئاشتی و دوور لەجەنگ و خوێن دەر بکەوێت بۆ بەرەی مرۆڤایەتی و سەرتاپای بەشەریەت لە ژێر یەك سایەو دەسەلات و دەستورێکی گشتگیردا بژین بە رەچاوکردنی ماف وئازادی و بەرژەوەندیەکان.

بەپێی مادەی 7ی بەڵگەنامەی نەتەوە یەکگرتووەکان ئەم رێکخراوە شەش دەزگای سەرەکی هەیە کە بریتین لە:

1-کۆمەڵەی گشتی: ئەم کۆمەڵەیە گشتگیرەو لە ئەندامێتی هەموو وولاتانی ئەندام پێك هاتووەو لە سەر کێشە گشتی و سەرەکی و ساکارەکان بریار ئەدات و دانیشتن و کۆبونەوەی ئاساییان ساڵی یەك جارە.

2-ئەنجومەنی ئاسایش ( المجلس الامن ): کە لە 15 ئەندام پێك هاتووەوپێنج ئەندامیان هەمیشەیین و دە ئەندامەکەی دیکە نا هەمیشەیین و ئەو پێنج ئەندامە هەمیشەییە لە وولاتە زلهێزەکان پێك دێت و مافی ڤیتۆیان هەیەو بەرپرسیارن لە سەر هەر بریارێك کە دەر ئەچێت.

3- ئەنجومەنی ئابوری و کۆمەڵایەتی: ئەمانیش بە کاروبارو لایەنە ئابوریەکان و بوارە کۆمەڵایەتیەکان سەرگەرمن و توێژینەوەو لێکۆڵینیان لەسەر ئەنجام ئەدەن.

4-دادگای دادی نێودەوڵەتی: ئەم دادگایە لە 15 قازی پێکهاتووەو هەر یەکەیان بۆ ماوەی نۆ ساڵ هەڵدەبژێردرێن لەلایەن ئەنجومەنی ئاسایش و کۆمەڵەی گشتییەوە، هەریەك لە وولاتانی ئەندام لە ئەنجومەنی ئاسایش قازی خۆیان لەم دادگایەدا هەیە کە بارەگاکەی لە لاهای هۆڵەندایە.

5- ئەنجومەنی( الوصایه ): ئەم ئەنجومەنە هەڵدەستێ بە چاودێریکردنی ئەو دەوڵەتانەی کاروباری وولات و گەلانی دیکەیان لە ژێر دەستایە کە زۆربەی ئەم وولاتانە لە کیشوەری ئەفریقایە.

6- سکرتاریەت: کاری ئەم ئەنجومەنەش هەستانە بە جێبەجێکردنی میتۆدو بەرنامەی سیاسی ناو رێکخراوەکەو دەزگاکانی، هەموو پرۆتۆکۆلات و هاوپەیمانی و رێککەوتنەکان وەك بەڵگەنامەی مێژوویی لە سکرتاریەت بە زۆربەی زمانەکانی ئینگلیزی و چینی و روسی و ئیسپانی و عەرەبی و فەرەنسی تا.. تۆمار ئەکرێت و هەڵدەگیرێن و ئەندامانی سکرتاریەت لە زۆربەی وولاتانی ئەندام پێك دێت و دەستنیشان ئەکرێت، سکرتێریش لە لایەن ئەنجومەنی ئاسایش دەنگی لە سەر ئەدرێت، وە لە هەڵبژاردنی سکرتێری گشتی (الامین العام) مافی ڤیتۆ کۆسپ دروست دەکات بۆ هەڵبژاردنی.

سکرتێرەکانیش بە درێژایی تەمەنی نەتەوە یەکگرتووەکان بریتی بوون لە: تریك ڤیلی مەرشیلت، ئوسانت،کۆرت ڤاڵد، خافیر پیریز دیکۆیلار، بەتروس بەتروس غالی، کۆفی ئەنان،

بارەگای گشتی نەتەوە یەکگرتوەکانیش لە شاری نیویۆرکی ئەمریکایەو بەم شێوەیە ئەم رێکخراوە تاکە رێکخراوی فراوان و گشتی و یاساییە لە جیهانداو لە زۆربەی وولاتان و کیشوەرەکانی جیهاندا چالاکی هەیە لە رێگەی لق و رێکخراوەکانیەوە کە 13 سیانزە رێخراو هەیە سەر بەم رێکخراوە جیهانیە بێت وەك:

1- رێکخراوی کاری نێودەولەتی / ژنێف

2- رێکخراوی خۆراك و کشتوکاڵ/ رۆما

3- رێکخراوی یونسکۆ/ پاریس

4- رێکخراوی تەندروستی نێودەولەتی/ ژنێڤ

5- رێکخراوی بانکی نێودەولەتی/ واشنتۆن

6- رێکخراوی سندوقی دراوی نێودەولەتی/ واشنتۆن

7- رێکخراوی ئاژانسی نێودەولەتی ووزەی ئەتۆمی/ڤیەننا

8- رێکخراوی فرینی ئاسمانی نێودەولەتی/ مۆنتریاڵ - کەنەدا

9- رێکخراوی پۆستی نێودەولەتی / سویسرا

10- رێکخراوی سلکی و لاسلکی نێودەولەتی/ مەدرید- ئیسپانیا

11- رێکخراوی کەش و هەوای نێودەولەتی / ژنێڤ

12- رێکخراوی راوێژکاری دەریاوانی نێودەولەتی/ لەندەن

13- رێکخراوی گومرگ و ترانزێتی نێودەولەتی/ ژنێڤ

ئێستا رێژەی دەولەتانی ئەندام لە رێکخراوەی نەتەوە یەکگرتووەکان گەشتۆتە زیاتر لە 185 دەولەت کە لە سەرەتادا 51 دەولەت بوون، ئەگەر چی پێشتر باسی چالاکییە گەرموو گورەکانی ئەم رێکخراوەمان کرد و ئاستی یارمەتیدانی هەژاران و بەهەند گرتنی لایەنی مرۆڤدۆستی ئەم رێکخراوەو بەدەمەوە بوونی کێشەو ناکۆکی و کارەساتەکان، وەلێ بەدەریش نییە لە خاڵی لاوازو نەگەتیڤ کە رەنگە لێرەدا دەرفەتی باسکردنی نەبێت بە تایبەتی هەلۆیستی ئەم دەزگایە لە و کارەسات و جینۆسایدانەی کە هاتوون بەسەر گەلانی بێ دەولەت و بێ کیاندا نمونەی کوردو ئەرمەن و قیبتی ونەتەوەکانی تری ژێر دەست کە کەمیان ئازار نەچەشت بەدەست دەولەتە سەردەستەکانیانەوە، وە تائێستاش چەندین پرۆفیسۆر و ئوستازی لێکۆلەر نوسینی رەخنەییان بلاو کردۆتەوە لەسەر لاوازی هەندێ کارو ئالیەتی ئەم رێکخراوەو شکستهێنانی لە ئاست هەندێ کێشەو قەیرانداو رازی نەبوونی بە ئەندام بوونی دەیان گەلی بێ دەولەتی وەکو کورد کە هەر لەبەر ئەوەی کە دەولەتی یاسایی نییە بەداخەوە ئەندامیش نیە لەم رێکخراوە ئەگەر چی لەم سالانەی دواییدا حکومەتی هەرێمی کوردستان توانی بۆ رێکخستنی چالاکی و کاروبارەکانی خۆی لەو رێکخراوەدا وەك چاودێر وەربگرێت و پەیوەندیەکانی هەرێمی کوردستان و رێکخراوەکە ببەستێت بەیەکەوە، بەلام بەشێوە گشتیەکەی تا هەنووکە تاکە رێکخراوە کە توانیبێتی ئەو مێژووە تێپەرێنێت و هەلۆیستی تارادەیەك روون و ئاشکراش لە ئاست کێشەکان دەربرێت و بنوێنێت.


**<u>سەرچاوەکان/</u>**

**الامم المتحده** المصطلحات السياسية

- اذاعة لندن ( وثائق الخاص 1997)

- **پول تيلەر** ( معهد الاقتصاد والعلوم السياسة - جامعة لندن )

**پۆڵ تيلەر پسپۆر لە دەستووری گشتی لە نەتەوە یەکگرتووەکان**